# من و شیراز و حافز

دڵشاد عەبدوڵڵا

هێشتا شیرازم نەدیبوو
وەك پۆرترێت حافزم کرد بەهوما
لەکوێ بنیشێ؟ وتیان شیراز.
زۆری نەبرد پەشیمان بوومەوە،
ئاخر حافز گەورەترە.
هێشتا شیرازم نەدیبوو
شیعر منی کرد بەلیمۆ
لەکوێ بڕوێ؟ وتیان شیراز.
ئاخر خەڵکی ئێرە نییە
قەیدی چییە، شاعیر کەسی گەردوونییە.
لەو چرکەساتەوە ئیتر بووم بەشیرازیی!
غەزەلەکانیان بۆ دووریم
لەیەکیاندا چنارێکی باغی ئیرەم
لەیەکی تر نەباتی دەم چاخواردنەوەی ژنێکی فارسم
وەکی تر خڵتەی جێماوی ناو پیاڵەی حافزم.



### شیراز

چای بەزەعفەران و نەبات دەخۆمەوە لەباغی شەهرەزاد.
خەیاڵیش لای تەختی جەمشیدە (پایتەختی ئەخمینییەکان)
بێ ئەوەی مەبەستێك لەئارادابێ، سبەینێ زوو دەچم بۆ ئەوێ
ئەو عەرشانە هێشتا بۆنی خوێنیان لێ دێ!
بۆ یۆنسکۆ چی تێدەچێ، دەیکا بەشوێن گەشتوگوزار؟
من لەو شوێنانە دڵم دەلەرزێ.
ئێوارە کاتی خۆرنشین لەگەڵ ژنێکی شیرازیی

ئەو بەردانە ماچ دەکەین کەحافز پێی لێ ناون.
سێبەری ئەو دار نارنجانە لەخۆ دەگرین
کە حافز بەخۆی داداون ئەگەر بۆ پشوودانیش بێ.
نزا بۆ شاعیرانی دوای خۆم دەکەم
لەو شوێنەی خودا بە ئەمانەت لە شیراز دایناوە
ڕۆژی حەشر دەیباتەوە تەنیشت خۆی
هەرچی بڵێی لەبارەی حافزەوە ڕێی تێدەچێ.
چای بە نەبات دەخۆمەوە لەگەڵ شەهرەزاد!
غەزەلی خۆم ناشوبهێنم بە هی کەس
خۆ من پیازم نەچاندووە!
دوو چاوی ڕەش بەرانبەرم پڕلە سیحری ڕۆژهەڵات
دوو مەمکی ڕووت بەرانبەرم پڕ تاموبەرات
هەموو باغی دنیا دێنێ بە باغی ئیرەمیشەوە.
تەختی سینە! حەدی چییە، کۆڕش لەسەری
دانیشێ!
دەبێ کڕنووشی بۆ ببا.
هەرچەندی بەرەوخوار دەبمەوە
کوفری زیاتر دەڕژێ لە قەڵەمم!
ئەو شەهرەزادە! نەزمان فریای دەکەوێ
نەبەهرە.
ڕەنگە حافزیش بەو جۆرە داخەوە مردبێ.

## من و دیریک والکوت(*)

هەردووک خەڵکی دوو شوێنی نەناسراو
ئەو توانی دوورگەی خۆی بەدنیا بناسێنێ لەڕێی
شیعرەکانی
کە وەک قولینگی سپی بەدەم ئاوەوە دەفڕن
بەسەر ئەو بەهەشتانەوە کە ئازادی دروستی کردن
لەپەڕی کۆتر و لەپێستی تاریکی مرۆڤ.
من نەمتوانی،
لەو هەموو لووتکەی وڵاتم ترۆپکێك بەناوی
خۆمەوە ناو بنێم.
وەسپی ئەسپێکی کوردی بکەم لەناو مێرگی بنارێك
بێ ئەوەی سوارێك تاوی بدا لەسنووری قاچاخ.
ئەو لە پاریس گیرفانیان بڕی
ئەو پاسپۆرتی لێ دزرا
من کەس پێی نەزانی،
کێ دێتەجواب لەسەر کەسێك کە لەبنچینەدا
پاسپۆرتی خۆی نەبێ
لەگەڵ ئەوەشدا، وەك چۆن بۆ باوکم غەمگین بووم
کە چاوچنۆکێك ڕەنجی چەند ساڵەی خوارد
بەفێڵ کۆمپیاڵەیەکی پێ مۆر کرد.
بۆ دیریك و دەستنووسە دزراوەکانی ئەوها غەمگین
بووم.
ئەگەر لەگەڵ باوکم یەك تەمەن نەبایە و منیش
لەپاریس دزیم لێ نەکرایە
ئەو بابەتە لاوەکییە نەدەخزایە ناو تێکستێك
کە مەبەست لێی شکۆی شیعرە نەك ڕووداوەکان.
دەموچاوی هەدووکمان هەتاو سووتاندوویەتی
هەر ئەوەمان لەیەك دەچێ و هەندێك شتی تریش
داهاتوو دەیسەلمێنێ منیش وەك ئەو دەکەومە سەر
عارەبانە،
یان هەتا ماوم بە دوو پێی خۆم دەڕۆم.
هێشتا زۆر شتی نێوانمان ڕوون نەبۆتەوە
ئەو جێی هێشت لەناو ڕەفەی کتێبەکانی،
بۆ نەوەیەك قەدریان زانی.
من ناتوانم مەزەندەی هیچ بکەم!
وەك مەنجەڵی هەڵم ئێسکی هەردووکمانی کوڵاند
داگیرکەر!
ئەوەی بمانبینێ، جەنگاوەرەکانی تەروادەی
بەبیردێتەوە
ئۆدیسۆس .. ئاخیل.
بەرانبەر قەڵایەکی سەخت کە هیلینی شیعری تێدا
گیراوە

**(*) دیریك والکوت شاعیری دوورگەی سانتالۆسیا لە کاریبی.**